## شەوی قەدر

شەوی قەدر ئەو شەوە پڕ فەڕو پیرۆزییەیە کە خوای گەورە قورئانی پیرۆزی تیادا لە (لوح المحفوظ)ەوە نارده خوارەوە بۆ ئاسمانی دونیا وەك دەفەرموێت: (انا أنزلناه في ليلة القدر...).

فەزڵی ئەم شەوە لە لای خوای پەروەردگار لە هەزار مانگ زیاترە هەرکەس خوای گەورە بۆی ڕێك بخات و لەو شەوەدا بمێنێتەوەو خەریکی خواپەرستیو نوێژو پاڕانەوەو قورئان خوێندن بێت خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت چونکە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (من قام ليلة القدر{ثم وفقت له} ايمانا واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه ). أخرجه الشيخان وأحمد318/5 والزيادة له.

ئەم شەوە لە مانگی ڕەمەزان و لە (10) شەوی کۆتاییدایە. بەڵام بە تەحدید دیاری نەکراوە چ شەوێکەو زانایانیش لەم بارەیەوە ڕایان جیایە کە ئاخۆ شەوی چەندەمی ڕەمەزانە. لەبەر ئەوە پێویستە موسڵمانان بە گورج و گۆڵی و ڕۆح سوکییەوە هەوڵ بدەن ئەم هەلە زێڕین و فورسەتە گەورەیە لە دەست خۆ نەدەن و ئەو (دە) شەوەی کۆتایی زیندوو بکەنەوە چونکە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو دە شەوەدا لە مزگەوتدا دەمایەوە.

ئەگەرنا لانی کەم شەوە تاکەکان لە دەست خۆ نەدەن چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (تحروا ليلة القدر في الوتر من العشر الأواخر من رمضان) البخاري 225/4

واتە: بە دوای شەوی قەدردا بگەڕێن لە شەوە تاکەکانی دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان.

بەڵام بە تایبەتی تر شەوانی (27) ی هەموو ڕەمەزانێك موسڵمانێکی زۆر بە گەرم و گوڕییەکی زۆرەوە لە مزگەوتەکاندا کۆدەبنەوەو تا نزیك بانگی بەیانی دادەنیشن و خۆ خەریك دەکەن بە نوێژو قورئان خوێندن و گوێگرتن لە ئامۆژگاری خێرو چاکە. کە زۆریان لەو نەو موسڵمانانەن کە تازە بڕیاری پابەند بوونیان داوە بە ئیسلامەوە.

ئومێد دەکرێت کە ئەمانە بەر ئەو خێرە گەورەیە بکەون چونکە زۆرێك لە زانایان پێیان وایە شەوی (27)ی ڕەمەزان نزیکترین شەوە کە شەوی قەدر بێت ئەویش لەبەر چەند فەرمودەیەك لەوانە:

(زری کوری حوبەیش دەفەرموێت: لە ئوبەی کوری کەعبم بیستووە کاتێ پێیان ووت: عبداللەی کوری مسعود فەرمویەتی: هەرکەسێك هەموو ساڵەکە هەستێت ئەوە بەر شەوی قەدر دەکەوێت! جا ئوبەی فەرموی:(رحمه الله, أراد أن لا يتكل الناس, والذي لا اله الا هو انها في رمضان-يحلف ما يستثني-ووالله اني لأعلم أي ليلة هي؟ هي ليلة التي امرنا رسول الله (صلى الله عليه وسلم) بقيامها, هي ليلة صبيحة سبع وعشرين, وأمارتها أن تطلع الشمس في صبيحة يومها بيضاء لا شعاع لها) ورفع ذلك في رواية الى النبي(صلى الله عليه وسلم) ). أخرجه مسلم وغيره وهو مخرج في صحيح أبي داود (1247).

واتە: ڕەحمەتی خوا لە عبداللە بێت ئەو مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵکی تەمبەڵی نەکەن, سوێند بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لەو شەوی قەدر لە مانگی ڕەمەزاندایە, وە سوێند بە خوا من دەزانم لە چ شەوێکیدایە؟ لەو شەوەدایە کە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمانی پێ کردوین کە تیایدا هەستین و شەونوێژ بکەین کە ئەو شەوەیە بۆ بەیانییەکەی (27)ی ڕەمەزانە. وە نیشانەکەشی ئەوەیە کە بۆ بەیانییەکەی کاتێ خۆر هەڵدێت ڕەنگی سپییەو تیشکی نییە.

### چەند ڕێنمایییەك

1-خوشك و برای خۆم ئەگەر ئەو شەوانە مایتەوە لە مزگەوتدا نیەتی ئیعتیکاف بهێنەو مەبەستت پاك بکەرەوە کە تەنها بۆ خوای گەورە تۆ ئەمشەو خەو لە چاوەکانت دەتۆرێنیت.

2- پێویستە لە مزگەوتدا بمێنیتەوەو تا ئەتوانی لەو مزگەوتانەدا بمێنەرەوە کە جومعەی تێدا دەکرێت.

3-دوور بکەوەرەوە لە قسەی دونیاییو یارییو گاڵتەو گەپ و گۆرانی ووتن و دەف لێدان و شتی بێ سوود, بەڵکو زیاتر خۆ خەریك بکە بە نوێژو پاڕانەوەو قورئان خوێندن و ئیستیغفار.

4-تا دەتوانیت زۆر بپاڕێرەوە بە تایبەتی بەم دوعایە:﴿ اللهم انك عفو {كريم} تحب العفو فاعف عني﴾.

5-بیرت نەچێت مانەوە بۆ شەوی قەدر سوننەتە نەکەی لەبەر بەجێ هێنانی سوننەتێك خۆت گوناهبار بکەیت و نوێژی بەیانی بفەوتێنیت و بخەویتەوە. خۆ ئەگەر لەو شەوەدا نەتتوانی هەمووی بەخەبەر بیت و هەندێك خەوتی بۆ ئەوەی بۆ نوێژی بەیانی خەوت پیا نەکەوێتەوە ئاساییە, چونکە خوای گەورە زیاد لە توانا داوات لێ ناکات.

والله أعلم

به ئومێدی ئەوەی هەموومان سەربازێکی ڕۆح سوك بین بۆ بەجێ هێنانی شەعائیرەکانی ئەم دینە